بایدن: حەماس ژنەکی ئەمریکیی ئازادکردووە

جۆ بایدن، سەرۆکی ئەمریکا، لەبارەی دوایین ئەنجامەکانی ڕەککەوتنەکەی حەماس و ئیسرائیل بە ئاگربەست ڕایگەیاند، "حەماس منداڵەکی ئەمریکیی تەمەن چوار ساڵ و ژنەکی 45 ساڵەی ئازادکردووە. ئەمریکا هەموو کارەک دەکات بۆ گەڕاندنەوەی بارمتەکان."

لەبارەی ئاگربەستەوە، بایدن ڕایگەیاند، "ئەگەر هەیە ڕۆژی دووشەممە ئاگربەستەکە درێژ بکرێتەوە، ئەمەش لە پێناو ئازادکردنی زیاتری بارمتەکان و ناردنی هاوکاریی زیاتر بە غەززە."

سەرۆکی ئەمریکا گوتی، "بە بەردەوامی لەگەڵ ئوردن، قەتەر، میسر، ئیسرائیل و سەرکردەکانی ناوچەکە لە پەیوەندیدا بووم بە ئەوەی هاوکاریی بنەڕینە نەو غەززە و ئەو خەڵکەی کە پەیوەندییان بە حەماسەوە نییە سوودی لێوەرگرن."

لەبارەی بارمتەکانی دیکەوە بایدن گوتی، "هەموومان بە دوای ڕێگەیەک دەگەڕێین کە بارمتەکان ڕزگار بکەین و حەماس چیدیکە دەسەڵاتی لە غەززە نەمێنێت."